كۆنفرانسی شیوعییەكانی كوردستان

وێستگەیەكی نوێی تێكۆشانە

وڵاتانی جیهان لەم قۆناغەداو لە سایەی بەجیهانیكردنی سەرمایەداریو شۆڕشی زانیاریدا، ڕووبەڕووی كۆمەڵێك گۆڕانكاریی دەبنەوە لەبوارە جیاجیاكانی سیاسیو كۆمەڵایەتیو ئابووریو ڕۆشنبیریو چەمكو پرەنسیپە نێودەوڵەتییەكانو..تد.

لەم قۆناغە جیهانییەو لە هەموو ئەو ڕووداوانەی كە لە وڵاتانی هەرێمەكەو، لە عێراقو سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە عێراقو، مەسەلەی هەرێمی كوردستانو پرۆسەی ئاشتی ڕوودەدات، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی كوردستانو لایەنە سیاسییەكانی دەكەونە بەردەم ڕووبەڕووبوونەوەو پرسیاری زۆرو گەورەوە كە پێویستی بە لێكدانەوەو وەڵامی واقیعی هەیە، بە مەبەستی ڕێگەگرتنی ڕاستو دروست لە پێناو تەیاركردنی ئاراستەی ڕووداوەكان بۆ بەرژەوەندی كێشە چارەنووسسازەكانی گەلەكەمانو خستنە خزمەتی دۆزە ڕەواكەیو دۆزینەوەی كەناڵی تازەی تێكۆشان. لەم پێناوەشدا كۆڕو كۆبوونەوەو سیمینارو كۆنفرانسی جۆراوجۆر لێرەو لەوێ بۆ ئاڵوگۆڕكردنی بیروڕاو لێكتێگەیشتن ئەنجام دەدرێت.

لەسایەی پێشكەوتنەكانو ئەركەكانی ئەم قۆناغەدا، شیوعییە كوردستانییەكان لەشوێنو پێگە جیاوازەكانی كارو تێكۆشانداو، لە ڕێكخراوەكانی كوردستانو دەرەوەی وڵاتداو لە لێژنە پسپۆڕییو كادیرە سەركردایەتییەكانی لە ڕۆژانی 15و 16ی ئەم مانگەدا بە ڕۆحی هیواو تێكۆشانو بڕواو متمانەوە، بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ناوخۆیی حزبو، پێداچوونەوەی دروشمو سیاسەتو ئاراستەو چالاكییەكانو سەرجەم بوارەكانی كاركردن كۆبوونەوە.

كۆنفرانسی گشتی حزبمان لەم قۆناغە هەستیارەدا بۆ هەموو ئەو مەبەستانە بوو، بۆ گەیشتن بە دەرەنجامو چارەسەری تازە بۆ ئەوەی حزبمان بتوانێت زیاتر ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لە كاروانی گەلی كوردستان بۆ دامەزراندنی قەوارەی فیدراڵی لەسەر بنەمای دیموكراسییەتو فرەلایەنیو پاراستنی مافی مرۆڤو، دامەزراندنی سستەمی یاساییو بە دامودەزگا كردنی هەرێم.

كۆنفرانسی حزبمان وێستگەیەكی نوێی تێكۆشانە بۆ حزبو گەلەكەمان، چونكە گوزارشت لە ڕای گشتی حزبو فیكری بە كۆمەڵو بەشداری بەرفراوانی هاوڕێیانە لە دروستكردنی بڕیاری حزبیو، سەكۆیەكی ئازادە لە ژیانو كرداری حزبی بۆ تێكچڕژانی ڕاوبۆچوونو گەڕان بە دوای چارەسەرو بڕیاری سەركەوتوودا، بەشێوەیەك لە ئاستی قۆناغدا بێت.

ئەو بڕیارو ڕاسپاردانەی كە كۆنفرانسی شیوعییە كوردستانییەكان پێیگەیشتن پێویستی بە تێكۆشانی بەردەوامو ڕۆڵی پۆڵایینە بۆ درێژەدان و هەستان بەو ئەركانەی كە ئەمڕۆ دەكەوێتە سەر ئەستۆی حزب لە پێناو بەرژەوەندی گشتی گەلەكەماندا.

ڕێگای كوردستان

حزبو دەسەڵاتدارێتی حزب

هۆشیاری عەبدولعەزیز

حزب لە خۆیداو وەك پرۆسەیەكی بابەتی نێوەندێكی دەسەڵاتداریتی مەدەنییەو لە ڕێگەی تێزە مەدەنییە شیاوەكانەوە كار بۆ فۆرمەلە كردنی فۆرمێكی نوێ دەكات لە چوارچێوەو پێكهاتەی كۆمەڵدا، هەر بۆیەشە دەبینین زۆربەی حزبو ڕێكخراوو گروپە فیكریو سیاسییەكان بە ڕاشكاویو بە زمانێكی سادەو لە بەرنامەو پرۆگرامی خۆیانداو بە پشت بەستن بە ئایدۆلۆژیای فیكریو سیاسییان ئاماژە بەوە دەكەن كە هەر كەسێك بۆی هەیە لە ڕیزی ئەودا بێتە ئەندام لە پاش ئەوەی هەرسی ئەو بەرنامەو پرۆگرامەی كردبێتو قابلییەتی تێگەیشتنی هەبێ، واتا تاكەكانی كۆمەڵ بەشێوەیەكی ئازادو لە ڕێگەی ئازادی هەڵبژاردنەوە سەربەستن لەوەی كە بۆ خۆیان بڕیاری بە ئەندام بوونو ئینتیمای خۆیان بدەن لە ڕیزی هەر حزبو گروپێكی فیكری سیاسیدا كە بۆیان بكرێ.

واتا حزب فۆرمێكی نوێی پێیەو دەیەوێ لە ڕێگەی ئەو فۆرمە نوێیەوە بەرنامەو پرۆگرامەكانی پراكتیزە بكاتو هاوكات بیكاتە پرۆسەیەكی نوێی وشیاری كۆمەڵایەتیو بە مەدەنی كردنی كۆمەڵگا، چونكە حزب خاوەنی خەسڵەتی پێشكەوتنی كۆمەڵایەتییەو هەر لەو تێڕوانینەشەوەیە كە دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ ستراكتۆری ئاڵوگۆڕی كۆمەڵایەتیو ئازادیو پایەكانی دیموكراسییەتو بنەماكانی سەربەست بوونی مرۆڤ. لە بەرامبەریشدا گەر نەگەڕێتەوە بۆ بونیادەكانی ئاڵوگۆڕ پێكردنی كۆمەڵو بەرجەستە كردنی كایەیەكی نوێ بۆ كۆمەڵگاو بەپێی لۆژیكی چەمكی ململانێی شارستانییانە مامەڵە لەگەڵ خودی خۆیو دەوروبەریدا نەكات ئەوە ناتوانێ درێژە بە پرۆژەی فۆرمە نوێیەكەی بدات، چونكە حزب وەك وتم خاوەنی تایبەتمەندییەكی جیاوازەو چەند خەسڵەتێكی گرنگی لە خۆدا بەرجەستە كردووەو هەر لەو گۆشە نیگایەشەوەیە دەیەوێ بچێتە نێو بازنەی پرۆسەكانی عەقڵانییەتو تیۆریزەكردنی دیموكراسییەتەوە، كە دووپایەو بونیادی گرنگی مومارسەكردنی دەسەڵاتن لە پێكهاتەی ڕێكخستنی كۆمەڵدا بۆ حزبو پرۆگرامەكانی حزب، دیارە هەر حزبەش كە خاوەنی تایبەتمەندیتی پرۆسەی بە مەدەنی كردنەو دەیەوێ دۆخێكی نوێ بێنێتە ئاراوە. ئەمەش بێ گەڕانەوە بۆ بونیادەكانی ململانێو چەمكی ململانێ ناكرێو ناتوانێ بەشێوەیەكی فیعلی ئیستقراری كۆمەڵایەتی لە كۆمەڵگادا بەرجەستە بكات، كەواتە ئەگەر ململانێی سیاسیو كۆمەڵایەتیو تەنانەت شێوازە شارستانییانەكانی تریش و بە لێكدانەوەیەكی عەقڵانییانە مومارسە كراو پشت بەستوو بە چەمكە مەدەنیو دیدو بۆچوونە سیاسیو فیكرییە هاوتەباو دیالۆگ ئامێزەكان خۆی خستە ڕوو ئەوە دەتوانێ بەشێوەیەكی كردارەكی (عەمەلی) هەوڵ بدات بۆ هێنانە كایەی شێوازێك لە ململانێی مەدەنیو بە دیموكراسی كردنی دەسەڵاتو شێوازەكانی بەڕێوەبردنو خستنە ڕووی پرۆژەی دەسەڵاتی هێمن، بەم پێودانگەیەش دەتوانرێ كۆمەڵگا دوور ڕاگیرێ لە دەمارگیری خێڵو حزبایەتی تەسكو توندوتیژی كردن لەپێناو دەسەڵاتدا. واتا ئەم شێوازی كاركردنە ڕاستەوخۆ زامنی بە مەدەنی كردنی دەسەڵاتداریتی دەكاتو دەبێتە ئامرازێك لە نێوان بەڕێوەبەرو بەڕێوەبەراندا، هاوكات لە بەرامبەر ئەمەشدا هێزی بەكارهێنراوی پرۆسەكە كە ئامانجی عەقڵانییەتو دیموكراسییەتی كۆمەڵگایە. جەماوەرو ڕێكخراوە دیموكراتیو مەدەنیو ناحزبیو حكومییەكان دەبێو لایەنی وشیاری كۆمەڵایەتیو مەبەستە هەمیشەییەكانی ڕێكخستنی كۆمەڵایەتیو بوژانەوەی ئابووریو بنەما گشتییەكانی مەدەنییەتو دیموكراسی دەبنە پێوەرێك بۆ تیۆریزەكردنی پرۆسەی ململانێ شارستانییەكە لە نێوان كۆمەڵو كۆمەڵگادا، بەمەش حزب دەتوانێ گەورەترین سەركەوتن بەدەست بێنێ لە پراكتیزەكردنی فۆرمە نوێیەكەیدا.

دیارە بەپێچەوانەشەوە گەر بەدوور لە لۆژیكی ئەو شێوە مومارسەكردنەوە خواستە تاكتیكییەكان بوونە ئامرازو هەڵسووڕێنەری پرۆسەكەو شێوازی ململانێیەكە چووە خانەی دژایەتی توندوتیژییەوەو ئینتیمای گەلو نیشتمان بووە بناغەیەك بۆ ئینتیما بە دەسەڵاتو كورسیو شێوازەكانی ستراتیژی دەسەڵاتداریتی تایبەتییەوە ئەوە خۆی لە خۆیدا ئەم ڕەوتی بەرەو پێشەوە چوونە كە ئامانجی دیاریكردنی ئیستقراری بابەتییانەیە بۆ گەلو نیشتمان لە ڕێگەی ئەو پرۆسەو فۆرمە نوێیەوە دەگۆڕێ بۆ پشت بەستن بە هێزی میلیشیاو توانا چەكدارییەكانو لە بەرامبەریشدا دیالۆگو دیدی سیاسیو مەدەنیو دەنگی جەماوەر كە ئامرازن بۆ بەهێزكردنو تیۆریزەكردنی دیموكراسییەت دەخرێنە پەراوێزەوەو لە جێگەیشیاندا توندوتیژی عەسكەرتاری جێ پێی خۆی دەكاتەوە. واتا لێرەوە حزب دەبێتە پرسگەیەكی ترسناكو ئەندامێتیش دەبێتە كارتی پەڕینەوەو قورتار بوون لە واقیعێكی نابابەتی كە تێیدا هەموو ڕاستییەكان ئاوەژوو كرا بێت.

دیارە ئەوەش كە لەم لۆژیكەوە ڕامان دەكێشێتە نێو چوارچێوەی باسەكەمانەوە ئەوەیە كە حزبی كوردی چەند توانیویەتی پرۆژەكانی ئاوێتەی كۆمەڵگا بكات. ئاخۆ حزب لە كوردستاندا تا چەند توانیویە لە ڕێگەی فۆرمە نوێیەكەیەوە دەسەڵاتداریتییەكی كۆمەڵگای بێنێتە ئاراوە، واتا لە ڕێگەی دەسەڵاتداریتی حزبەوە دەسەڵاتداریتییەكی نوێ بەرجەستە بكات؟ بێگومان وەك ئاماژەمان بۆ كرد حزب لە پێكهاتەی فیكری خۆیدا بەپێی ئەو بەرنامەو پرۆگرامەی دایڕشتووە هەڵگری پرۆسەیەكی نوێیەو دەیەوێ لە ڕێگەی ئەو پرۆسەیەشەوە پێكهاتە ناعەقڵانیو خێڵایەتییە نامەدەنییەكان هەڵبوەشێنێتەوەو بەپێی پرۆژەیەكی نوێ شوناسێكی نوێیان پێ ببەخشێو بەشێوەیەكی گشتی نەخشەیەكی بابەتییانە بگرێتە بەر لەپێناو خزمەت كردنی كۆمەڵو تەواوی پێنتە كۆمەڵایەتیو كەرتە سیاسیو كۆمەڵایەتیو ئابوورییەكاندا. بێگومان ئەوەی مەبەستمە ئاماژەی بۆ بكەم بریتییە لە ڕۆڵی حزبو دەسەڵاتداریتی حزب لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا، وەك بەشێكی سەرەكی لە خەونی گۆڕینی ئەو سنوورانەو شكاندنی تابۆكانی ڕژێمە داگیركەرەكان. حەتمەن لەو هاوكێشە فیكریو سیاسییانەشدا كە نەتەوە ئاماژە بە بوونی خۆی دەكاتو دەیەوێ ڕۆڵی خۆی بگێڕێ، حزبی كوردی كە خاوەنی گوتارێكی ناسیۆنالیستی نەتەوەییەو لە پاڵ هەر گوتارێكی نەتەوەییشدا ستراتیژێكی بابەتییانە خۆی ڕاگرتووەو ئامانجێكی مەدەنی هەیە لە پێكهاتەی كۆمەڵگادا. بەمەش دەتوانین بڵێین ئامانجی حزبی كوردی جگە لەوەی ئامانجێكی دیاری نەتەوەییو ڕزگاری نیشتمانییە هاوكات تۆخمێكی بە مەدەنی كردنی كۆمەڵگای كوردی تێدایەو مەبەستێتی كە بۆ خۆی ببێتە خاوەنی ستراكتۆرێكی ڕیشەیی لە بەڕێوەبردنی كۆمەڵو تاكەكانی كۆمەڵگاداو بەردەوام كار بۆ ئەوەش كراوە كە بێ پسانەوە درێژە بەو ململانێو تێكۆشانە دوور مەودایە بدات كە پشت بە ئیستقراری كۆمەڵایەتیو ڕاكێشانی خەتێكی نوێی سنووریو دیاری كردنی جوگرافیای كۆمەڵگای كوردی دەبەستێو دەیەوێ لەو دۆخەی ڕابردووەوە كە گەلی كوردی تیا ژیاوە بپەڕێتەوە بۆ دۆخێكی (مستقر)ی ئەوتۆ كە لە توانایدا هەبێ تەواوی پەیوەندییە نیشتمانیو ناوخۆییو ئیقلیمییەكان لە چوارچێوەی مەداری كۆمەڵگایەكی مەدەنیدا گرێبدات بكاتو سەربەخۆ لە خودی خۆیدا مومارسەی دەسەڵاتی سەربەخۆی خۆی بكات.

بەكورتی حزبی كوردی لە جەوهەرداو لەو فەزا سیاسی نەتەوەییەدا كە ڕەخساوە هەڵدەستێت بە پووكانەوەی ئەو ڕابردووەی كە پێشترو لە سەردەمە مێژووییەكانی ئەم ناوچەیەدا بوونیان هەبووەو بە پلەی یەكەم خێڵو جوگرافیای لە خۆدا كۆكردۆتەوەو هیچ مانایەكی كەلتووریو مەعریفی نەتەوەیی تێدا نەبووە، یاخود ئەو بنەماو ڕەهەندە مێژووییانە نەیانتوانیوە لە دەرەوەی وەزیفەكانی خێڵو خێڵگەرایەتی بژیێنو هەمیشەو لە هەر گوتارو دیدو بۆچوونێكدا دەگەڕانەوە بۆ بونیادەكانی ئەو پرۆسەیە، واتا ئەمڕۆ حزبی كوردی ئەگەر بەپێی بەرنامەو پرۆگرامە سیاسیو فیكرییەكانو گوتارە نەتەوەییەكانیان بخوێنینەوە ئەوە دەتوانین بڵێین هەوڵدانێكە بۆ بەرجەستە كردنو دروست ڕاگرتنی بونیادێكی نوێی كۆمەڵایەتیو ئاراستەكانی مانایەكی بابەتییانەی پێكهێنانی كەلتوورو كەلەپوورێكی نوێیە كە لەودیو كەلەپووری خێڵو جوگرافیای خێڵەوە مامەڵە لەگەڵ خۆی دەكاتو مەبەستێتی دنیایەكی نەتەوەیی نوێو جیهانێكی نوێ برەخسێنێو هاوكات بە پشتی ئەو پرۆسانەش كە ئاماژەمان بۆ كرد كەلەپوورە وردەكانی خێڵ بگۆڕێتە كەلتوورێكی نەتەوەیی گەورەترو بەهێزتر لەوەی كە پێشووتر هەبوونو لەسەر بنەمای كەلتووری خوێنو ڕەچەڵەكی خزمایەتی بونیاتنرا بوون.

هەرچەندە گەر بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی حزبی كوردی لە پرۆسەی بە كۆمەڵایەتی كردنی سیاسەتی نەتەوەییدا ئەوە ڕەنگە ئەمەی ئەمڕۆ حزبی كوردی مومارسەی دەكات ئەزموونێكی نوێ بێت بۆ بزوتنەوەی سیاسی ڕزگاری نیشتمانی كوردستانو گروپە سیاسییە نەتەوەییەكانی كە خۆیان تەمەنێكی كورتیان هەیە لەو شێوازە گشتگیركردنەی كەلتووری كوردیو گوتاری سیاسیو جوگرافیای سنووری نیشتمانیدا، لە بەرامبەر ئەمەش دەتوانین ئەوە بڵێین ئەگەرچی حزبی كوردی ئەزموونێكی نوێی لەبەردەمدا ڕەخساوە، بەڵام بۆ خۆی ڕابردوویەكی جیاكەرەوەی هەیەو بەسەر ئەوەدا چووە كە حزب ئەركی چییە. واتا حزبی كوردی هەرچەند كەم ئەزموون بێت لە پرۆسەی گەورەكردنی كەلتوورو هەڵتەكاندنەوەی گروپەی بچووكی خێڵو ناوچەی دابەشكراو، وەزیفەی حزب هەر لە سەرەتاوە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە كە ئەو دەزگای سیاسی ڕاستەوخۆی نەتەوەییە لە دەزگای كۆمەڵایەتیداو هاوكات تۆخمێكە بۆ جیاكردنەوەی دیدگا سیاسییەكانی نەتەوەیەك لە بەرامبەر نەتەوەیەكی داگیركەرو گەورەكردنی كەلتوورێك لە بەرامبەر كەلتوورێكی بچووكو بەمەش دەبێتە خاوەن ئەزموونو شارەزایی، بەڵام پرسیارەكە لێرەوە دەست پێدەكات ئاخۆ حزبی كوردی توانیویە پرۆسەكە بەو شێوەیەی كە پێشتر باسمان كرد تیۆریزە بكات؟ بێگومان نەخێر چونكە حزبی كوردی كە خەونی نەتەوەییو

بۆ ل11

ڕادەی هۆشیاری تاك لەنێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا

ڕێبوار محەمەد

لەوانەیە هۆشیاریو بوونی هۆشیاری لای تاكو پاشان بەرفراوانبوونی بۆ پێكهاتەكانی كۆمەڵ، یەكێك بێت لەو خاڵە جەوهەرییانەی بتوانێ تەحەكوم بەسەر زۆر ڕووداوو گۆڕانكاریو بیركردنەوەی ناو كۆمەڵدا بكات، هەر لە سەرەتاوە هۆشیاریو چۆنیەتی بیركردنەوەو ئاستی پەیوەندییەكانو مامەڵە لەگەڵ دەوروبەرو زۆرێك لەو چەمكانە دەگۆڕێ كە لەلای تاك ئامادەییان هەیە، بە پێچەوانەشەوە نەبوونی هۆشیاری دەبێتە سەرەتای بینینەوەی دنیاو دەوروبەر، بە شێوەیەكی ترو لە ئاستێكی تردا، واتە نەبوونی هۆشیاری كار دەكاتە سەر هەڵسوكەوتی ئەخلاقی تاكو دەتوانێ بە زۆر ئاراستەدا بیگۆڕێ، ئاراستەیەك كە لە بوونیدا چەمكی لێك تێگەیشتنو تەفەهومو ئەوی دی قبوولكردنی لەلای دروست دەكاتو ئاراستەیەكی تریش بە پێچەوانەوە ڕێچكەكان بە مرۆڤ دەگۆڕێو ڕووەو تێنەگەیشتنو ڕەفزكردنەوەی بەرامبەرو توندڕەویو دواجار بەرەو سەلەفییەتێكی دەبات.. لێرەوە دەمەوێ داخڵ بە بابەسێك بم لەو هەندە بابەتە بدوێم كە لێرەو لەوێ لەسەر مەسەلەیەكی دیاریكراو دەنووسرێن، من لێرەدا چەمكی هۆشیاری وەك حاڵەتی هەستكردنی مرۆڤ بە چوار دەورو ڕادەی تێڕوانینی عەقڵانییانەی مرۆڤ بۆ دەوروبەرو ڕووداوەكانی بەكار دەهێنم.

ئەو پێشەكییەم لەو سۆنگەیەوە هێناوە كە ئەو باسەی لێرەدا دەمەوێ لێی بدوێم بە بۆچوونی خۆم تا ڕادەیەكی زۆر پەیوەندی بە ئاستی هۆشیاریی تاكەوە هەیە، هەندێك لەو بەڕێزانە دەڵێن: لە وڵاتانی پێشكەوتوو بە پێی ئەو یاسایەی پەیڕەوی دەكەن هاووڵاتی لەسەر ئەو كردارە دزێوانە سەركۆنە ناكرێت كە زۆرجار دژ بە دەسەڵات ئەنجامی دەدات، بەڵام لە وڵاتانی وەك ئەوەی لەمەڕ خۆمان ئەم هاوكێشەیە بە پێچەوانەوەیەو هاووڵاتی دوا بەرپرسیارو یەكەم بەرپرسیاری ڕەوشتكانێتی، چونكە دەبێ باجی كردەوە ناشارستانییەكانی بدات. لەسەرەتاوە من هێندەی ئاگادارمو لەمەڕ وڵاتانو ژیان لە وڵاتانی ئەورووپام خوێندبێتەوەو لە چواردەورەكەی خۆمم بیستبێ هەڵبەت لەو كەسانەی لە وڵاتانی پێشكەوتوودا ژیاون هاوكێشەیەكی بەو شێوەیەم نەبینیوەو نەیبیستوە.

هەر چەندە من بۆخۆم لە هیچ كام لەو وڵاتانە نەژیاوم، بەڵام دەڵێم: هێندەی ئاگادارمو بیستبێتمو بەرچاوم كەوتبێ شتی وام نەبینیوە.

وڵاتانی پێشكەوتوو واتە ئەو وڵاتانەی بە پێی پۆلێن بەندە سیاسیو ئابووریو كۆمەڵایەتییەكان بە وڵاتانی جیهانی دووەمو یەكەم دادەنرێن، ئەو وڵاتانەی ڕێژەی ڕەفاهییەتی مرۆڤایەتی تیایاندا بەرزەو ئاستی پێشكەوتنی تەكنەلۆجی لە لوتكە دایە، لەم وڵاتانەدا سەرجەم ژیانی كۆمەڵایەتی بە پێی كۆمەڵێك سیستەمو كارلێكی نێوان تاكەكانو دەزگا كۆمەڵایەتییەكان بەڕێوە دەچێ، وڵاتانی پێشكەوتوو واتە وڵاتانی ڕۆژئاواو ئەمریكا، ئەو وڵاتانەی مێژوویەكیان لە خۆسەرەوەركردنو ڕۆشنبیریو بڕینی چەمكە فەلسەفییەكاندا هەیە، واتە ئەو وڵاتانەی بە پلەی یەكەم پێشڕەوی فیكریو تەكنەلۆجیو تەنانەت پێشڕەوی شێوازی ژیانن بۆ وڵاتانی تر.

وڵاتانی ڕۆژئاوا واتە ئەو وڵاتانەی كە دوورگەیەك هۆشیاری لە ئێمەیان دوور دەخاتەوە، واتە ئەو وڵاتانەی دەیان ساڵیان لە عەلمانییەتو شۆڕشی ڕۆشنبیریو ڕێنسانسی نەتەوەییو فیكری بڕیوە، وڵاتانێك كە هۆشیاری تاكو كۆمەڵگا تەحەكوم بە شتەكانەوە دەكات، لەوانەیە گرفتی سەرەكی تاك لە وڵاتانی پێشكەوتوودا ئەوەبێ كە بیر نەكاتەوە، ئەم حاڵەتە ئەگەرلای تاكی ڕۆژئاوایی ئامادەیی هەبێت، تاك تووشی قەیرانی نامۆبوونو دابڕانو دواجار پاشكەوتنو داكشان بۆ پەراوێز دەكاتو تاك لەو جیهانە دادەبڕێ كەهەردەم ئاسۆكانی لە فراوانبوونو گەشەدان.

لەوڵاتانی دواكەوتووش-وەك كوردستان ئەو وڵاتانەی كە تا سەرێسقان لە نێو ڕوحانییەتو عەقڵییەتی موجەرەدەو دوور كەوتنەوە لە عەقڵانییەت دەژین-ئەو وڵاتانەی كە دەریایەك لە هۆشیاری لە وڵاتانی پێشكەوتوومان دادەبڕێ، ئەگەر گرفتی تاكی ڕۆژئاوایی ئەوەبێ كە باسم كرد، ئەوە لە ڕۆژهەڵات پێچەوانەكەی زۆر ڕاستەو گرفتی تاكی ڕۆژهەڵاتی بیركردنەوەیە، چونكە لەبیركردنەوەدا مرۆڤ تووشی نامۆ بوونو ڕووبەڕوو بوونەوەی عەقڵی سەلەفی دەبێو نەفرەت لەو چەمكە دەكات كە تێكەڵاوی خوێنمان بووەو منداڵانی لەسەر گۆش دەكەینو مەرحەبا لەو دیالۆگە دەكات كە زۆر دەگمەن نەبێ ئێمە ئاوڕی لێ نادەینەوە.

چونكە تاكی ڕۆژهەڵاتی لەنێو سیستەمێكی كۆمەڵایەتی دواكەوتووو ڕێسایەكی پاتریاركیدا گەورە دەبێ، هەموو هۆشیارییەك هەنگاوە بۆ تێپەڕاندنی ئەو چەمكانەو ڕەفزكردنەوەی ئەو میراتەی چەند ساڵە كەڵەكە دەكرێو ئەوە لە دوای ئەوەی پێ گۆش دەكرێ. ئالێرەوە بیركردنەوەی سەرەتایی یاخیبوونو نامۆیی لای تاكی ڕۆژهەڵاتی دروست دەكات، چونكە یاخیبوون ئەگەرچی داهێنان بێ، بەڵام لە ڕۆژهەڵات نامۆیی دەخولقێنێ.

ئەوەی كە ئاماژەی پێدەدرێ لەسەر جیاوازیی نێوان دەسەڵات لێرەو لەوێ لەراستیدا جیاوازی جەوهەری دەگەڕێتەوە بۆ تاكی ئێرەو تاكی ئەوێ، چونكە كە باس لەوە دەكرێ كارمەندانی فرۆكەخانەیەك كەموكورتییەكان لەسەر خۆیان حیساب دەكەنو هەوڵی چاككردنی دەدەن، هیچ پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە نییە، چونكە دەسەڵات وانەكانی دڵسۆزی فێری خەڵك ناكات، بەڵكە دەسەڵات لەسەریەتی ڕادەی دڵسۆزی خۆی بۆ هاووڵاتییانو نیشتمان لەڕێگای كۆمەڵێك شتەوە بگەیەنێ.

لە ڕاستیدا من نامەوێ پاكانە بۆ دەسەڵات بكەم، چونكە دەسەڵات بۆخۆی كۆمەڵێك ئەركو ئامانجی هەیە دەكەوێتە سەرشانیو پێویستە پەیڕەوی بكات، بەڵام خۆ ئەوە دەسەڵات نییە كەوانەی پاكو خاوێنی فێری پیرێژنێكی (70) ساڵان بكاتو داوای لێ بكات قبوڵ نەكا كەسێكی تر ئاغزەجگەرەیەك فڕێ بداتە سەر شەقامەكانی شار، خۆ دەسەڵات لە وڵاتانی پێشكەوتوو ڕەقیبی سەر خەڵك نییە تا لە سووچی هەموو بازارو كۆڵانێكدا پۆلیسێكو موراقیبێكی شارەوانی دابنێو چاودێری بكات بزانێ كێ لە یاساكان لا دەدات، خۆ هەموو فولكەیەك لە وڵاتانی پێشكەوتوو پۆلیسێكی هاتووچۆی لێ نییە تا بزانێ كێ لە ترافیكەكان دەدات تا بە سزای خۆی بگەیەنێ، ئەوە هەستی هۆشیارییەو پاڵ بە خەڵكەوە دەنێ وا بیر بكاتەوە وەك ڕێبوار سیوەیلی دەڵێ: نەبوونی ئاڵۆزی لە كایە كۆمەڵایەتییەكاندا دروست بكات، هەر نەبوونی ئەو ئاڵۆزییە وا لە كارمەندانی فرۆكەخانەكان دەكات دەستبەجێ كەمو كورتییەكان چارەسەر بكەنو نەهێڵن چیدی هاووڵاتی زمانی گلەیی هەڵبهێننەوە. دەبێ بێجگە لە خۆشەویستی وڵاتو ترس لە داهاتووی وڵاتو خەمی پاكو خاوێنیی شار چی پاڵ بە پیرەژنێكەوە بنێ زۆر جار لە سەرۆكی شارەوانی شارەكەی دڵسۆزتر بێ بۆ پاكو خاوێنیی وڵاتەكەی؟ دەبێ چی پاڵ بە شوفێرێكەوە بنێ ئامادە نەبێ لە سەعات چواری بەرەبەیانیشدا كە شەقامەكان هیچ زیندەوەرێكیان پێوە نییە لە گڵۆپی سوور بدات؟ لە ڕاستیدا دەسەڵات لە ڕەفتاری ناشارستانی خەڵك ناپێچێتەوە؛ بەڵكە لە ناخی هەموو مرۆڤێكی پێشكەوتوودا ڕەقیبێك ئامادەیی هەیەو ویژدانی مرۆڤ موحاسەبە دەكات، خۆ هەڵسوكەوتی ناشارستانی كردارێك نییە لەلایەن دەسەڵاتەوە باجو غەرامەی لەسەربێ، بەڵكە ویژدانێك هەیەو باجی ئەو كارە ناشارستانییە لە مرۆڤەكە دەسێنێ، هەموو ئەو ویژدانەش كەباسی دەكەن، پەیوەستە بە دوو خاڵی زۆر سەرەكییەوە، یەكەمیان هۆشیاری لەوەی كە فڕێدانی ئاغزە جگەرە واتە پیسكردنی ژینگەو ژینگەش ئی هەمووانە، واتە تێكدانی ئەو فەزایەی هەموومان لەناویدا دەژین، خاڵی دووەمیش بریتییە لە خۆشویستنی وڵاتو خۆ بە خاوەن زانینی سەرجەم شتەكان، ئەم خاڵەیە كە فەوزای كۆمەڵایەتی لە وڵاتی ئێمەدا دروستكردووە، نەبوونی هۆشیاری وا دەكات كە شۆفێرەكان نەك هەر ڕێزی یاسای هاتووچۆ نەگرن، بەڵكە ڕێزی نوێنەری یاساكەش نەگرن كە پۆلیسی هاتووچۆیەو نەك هەر ئامادەبن زۆر بە سانایی سەرپێچی لە یاساكانی هاتووچۆ بكەنو زۆر جار پەلاماری بدەنو لێشی بدەن، تۆچی بەو هاووڵاتییە دەڵێی كە خۆشەویستی بۆ كۆڵانو گەڕەكەكەیو تەنانەت ماڵەكەی خۆیشی نییەو ڕێزی هیچ ناگرێ؟ ڕاستە دەبێ حكومەت ئۆتۆمبێلی خۆڵ بۆ هەموو گەڕەكەكان دابین بكات، بەڵام دەبێ ئەو هاووڵاتییەش ئەوە بزانێ كە دواكەوتنی ڕۆژێكی ئۆتۆمبێلی زبڵ ناكاتە ئەوەی تۆ گەڕەكەكەی خۆت بكەی بە زبڵخانە، ئاخر جیاوازییەكان لێرەدان كە هاووڵاتیی پێشكەوتوو بیر لە ئەمنییەتو سەروەریی خۆیو ماڵەكەیو كۆڵانەكەیو شارەكەیو وڵاتەكەیو پاشان كیشوەرەكەیو دواجار سەرجەم مرۆڤایەتی دەكاتەوە، دەنا بۆچی ئەندامانی ڕێكخراوی ئاشتیی سەوز دەچنە بەستەڵەكەكانو دژ بە فڕێدانی پاشماوەی چەكە ئەتۆمییەكان دەوەستنەوەو لە بەرازیل لەسەر بڕینەوەی دارستانەكان بە دەنگ دێنو خۆیان تووشی چەندین نارەحەتیو لێدان دەكەن، بەڵام هاووڵاتییەكەی ئێمە كە شەقامەكەی بۆ قیرتاو كرا ئەوجا دەچێ هەڵی دەكەنێو بۆڕییەك ئاو بۆناو ماڵەكەی خۆی ڕادەكێشێ، ئەو هاووڵاتییە بە تەمەنانەی وڵاتانی ئەورووپاو ئەمریكا چی پاڵیان پێوەدەنێ كاتێك لە بەلەكۆنەی شوقەو ماڵەكەی خۆیانەوە بینیان كارێكی ناڕەوا لە گەڕەكەكەدا ڕوودەدات دەستبەجێ ئاگاداری پۆلیس بكەنەوە جگە لەوەی كە ئەمانە هەست دەكەن لە كۆتایی تەمەندا دەبێ مرۆڤ خێری بۆ هاووڵاتییەكانی وڵاتەكەی خۆی هەبێو ڕێگا لە هێزو كەسە شەرانگێزەكان بگرێ؟ كەچی لەم وڵاتەی ئێمەدا چایخانەیەك، سالۆنێك، جێگایەك، دەتەقێتەوە؛ دەیان كەس دەبنە قوربانیو دەستو قاچی چەندین كەس دەپەڕێو خوێنی دەیان كەس دەڕژێ كەچی هاووڵاتییەك بیر لەوە ناكاتەوە هاوكاریی دەزگا بەرپرسەكان بكاتو ڕێگا لە دووبارە بوونەوەی ئەو كارە بگرێ.

ئەو پێشكەوتنی شارستانیو گیانی لە خۆ بوردووییەی باسی لێوە دەكرێ بە كون فەیەكونێك دروست نابێ، نەیبیستراوە هیچ دەسەڵاتێك لەسەر هەموو سوچێك پۆلیسێك دابنێو بە دیار هەموو زێراپێكەوە موراقیبێكو لەگەڵ هەموو ئۆتۆمبیلێكدا پۆلیسێكی هاتووچۆو لە هەموو دەزگایەك بەسەر هەر كارمەندێكەوە ڕەقیبێك دابنێ تا باش پێشوازیی لە خەڵك بكاتو كارەكانی باش ڕاپەڕێنێ، ئەمەیان ڕاستە تا ڕادەیەك

بۆ ل11

خاوەنی ئیمتیاز: كەمال شاكر
سەرنووسەر: محەمەد ئەحمەد ئامێدی

ڕێگای كوردستان
نرخی 3 دینارە

پۆستی ئەلیكترۆنی
ASO JALAL@ YAHOO.COM

ناونیشانی ئەنتەرنێت
WWW. Iraqcp. Org
E- mail:Iraqi @ Iraqicp. Org/regay/

بەداڵە
سەرنووسەر
لە ڕێی سەنتەری ئاسیا
هەولێر - كوردستانی عێراق

20536
5529
TEL: 00442086347745
FAX: 00442086347747
Free call: 08006987480